# هونەری منداڵ



منداڵ جیهانێکی یەکجار چڕو پڕەو جیهانێکی تەلیسماویی بێ‌بنـــە شیکردنەوەی هێمـــاکانی دڵو دەروونـی منـــداڵ بـــە ئـاســـانـی بـــۆت نایــەتــە بــەردەست . هـــەرکـــە هـەستـــە ناسکـەکانی پەڕوباڵی گـــرت بەتایبەتـی هەستـی هونەری ئینجا پەلەقاژێ لە دەوروبەری خۆی‌دا دەکاو جوولانەوەی ناوەوەی هەردەم لە تەقینەوەدا دەبـــێ بەهەر جۆرێ بێ دەیەوێ شتێك بڵێ ، شتێك دەربڕێ، شتێك بکا . چونکە مەسەلەکە مەسەلەی هەسـتو دەروونە پاکەکەیەتی کە جۆشی دەداو پاڵی پێوە دەنێ بۆ ئەم جیهانەی ببا کە جیهانی هونەرە ئینجا لێـــرە هونەرەکەشی هونەرێك دەبێ تایبەت بە خـــۆی . هونەرێکە (تعبیر) لەو دڵو دەروونە ناسکەی دەکـا . ئەو دەروونەی کە تاکو ئێستاکە بایی سەری دەرزیێ تەڵخو لێڵ نەبووەو لە ئاوی کانیاوێك پاكو ڕوونترە. جا منداڵی بەهرەوەر ئەو شتەی کە ناتوانێ بە زمان بیڵێ بە هونەرەکەی دەری‌دەبڕێ وەکو بە ڕەسم کردن.

لەم حاڵەتەدا خەیاڵی ئەم جۆرە منداڵانە لە ئەنـدازە بەدەر دەبێ‌و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاسۆی بیرو خەیاڵیان زیاتـــر دەکرێتـــەوەو هونەرەکەشیان زووتـــر پەرەدەسێنێتو مامەڵەشیان لەگەڵ خۆیانو واقیعیاندا گەش‌تر دەبێت . دەڵێن کە منداڵ تا بـێ گەورە بـێ هونەرەکەشی لەگەڵ خۆیا گەورە دەبـێو بەخێوی‌دەکا بەڵێ ئەمە ڕاستە (بەڵام بەڕای من هەندێ منداڵ هەیە ئاستی هونەرەکەی لە ئاستی‌تەمەنی گەورەترو بەرزترە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە دیاردەکانی هۆش‌و هەستی ئەم منداڵە زووتـر پێ‌گەیشتوەو مەسەلـــە تەمەنییەکەی دوای خۆی خستووە ) ئینجا لەم قۆناخە هونەریەی ئەم منداڵەدا کە قۆناخێکی یەکجار ناسکە دەبێ بەوپەڕی لەخۆ خۆشبوونەوە ئاگاداری لێـــوە بکرێو پێویستییەکانی هونەری بۆ هونەروەری بچکۆلە نابێ بە هیچ جۆرێ پشت‌گـوێ بخـــرێ . بەلکـوو بەپێچەوانەوە دەبێ هەردەم بۆی ئامادەبکرێ تاوەکـو داهێنانـــە هونەریەکانی هەر لە هوباب دابـــێو

پێشبکەوێ ، لەم قۆناخـــەدا دەربڕینەکانـــی دڵو دەروونو هەستو مێشکی یەکجار پیرۆزو بـــەرزو بەهێز دەبن ، دەگاتە پلەیەك کـــە هونەرمەندانـــی پێگەیشتوو بۆ ئەم چوونو دەربڕینە ناچن کەوا ئـــەم ساوایە بۆیچووە .

بەڵێ هەروەك هونەمەندی جیهانـــی بیکاســـۆ گووتویەتـــی :

« زۆر شت لە هونەری منداڵانـــەوە فێربووم »

کەوابوو هونەرمەندێکی گەورەی وەك بیکاسۆ کە ئـــەم ڕایە دەردەبڕێ بەرامبەر بە هونەری منداڵ ، دەباشـــە ئاخۆ دەبێ دووریی‌و قوولی هونـــەری منـــداڵ تـــا چ ڕادەیەك بێ ، هەر لەبەر ئەوەیە کە هونەری منداڵ بـــە هونەرێکی نوێ لەقەڵەم دراوە . واتە هونەرێکە بـــە هیچ جۆرێك لاسایی سروشت ناکاتەوەو هونەرێکـــە دووره پەرێز لە تۆمارکردنی واقیع ڕادەوەستێ بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەی لـــە ناخییـــەوە هەڵدەقوڵـــێ دەیدرکێنێ‌و دەیخاتە سەر قاقەز . چونکە جارێکـــی تر بیکاسۆ دەگەڕێتەوەو دەڵێ :

( من ئەو شتە ڕەسم ناکەم کە دەیبینم ، بەڵکوو ئەو شتە ڕەسم دەکەم کە بیری لـــێ دەکەمەوە ) ..

کەوابوو جیهانی هونەری منداڵەکە لەگەڵ جیهانـــی هونەرمەندە نوێخوازەکان لەم خاڵەدا یەکتردەگرنەوە. یان ئەوە تا هونەری تـــەڕو ناسکی دەروونە بـــێ گوناهەکان کاری لە هونەرمەندی ئیسپانی (خـــوان میرۆ)ش کردووەو زۆرەها تابلۆیە تازەکانی مۆرکـــی تەواوی جیهانی هونەری منداڵانی پێـــوە نووســـاوە بەڵام من سێ‌ودووی لێ ناکەم‌و دەڵێم :

«هیچ هونەرمەندێك توانای ئەوەی نیە خـــۆی بهاوێتە باوەشی هونەری پاكو بێگەردی منالانەوە .. واتا لاسایی ئەوە بکاتەوە کە گوایە وەکـــو منـــداڵ رەسم‌دەکا .. نەخێر ئەمە درۆیەو دوورە لە هەمـــوو راستییەکی هونەری » ..

نووسینی : دارا محمد علي

